# پێویسته یەکێتی نیشتمانی بەخۆیدا بچێتەوەو پابەندی ئازادی سیاسی بێت!

## لەوەڵام بە گفتوگۆیەکی مەلا بەختیاردا

ڕێبوار ئەحمەد

ڕۆژی ١ی ئەم مانگە (نۆڤەمبەر) ئێستگەی ڕادیۆی (هەریم) لە سلێمانی گفتوگۆیەکی لەگەڵ (مەلا بەختیار- ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) سەبارەت بە چەمکی ئازادی ئەنجامدا. لە چەند جێگایەکی ئەو گفتوگۆیەدا سەبارەت بە ئازادی سیاسی، دین، تیرۆریزمی ئیسلامی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌و هێرشی چەکدارانەی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر حیزبی ئێمە لە ١٤ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٠دا قسەی کرد. چ لە ڕووی گرنگی‌و بایەخی ئەو مەسەلانەو چ لە ڕووی ئەوەی کە مەلا بەختیار لە دوو توێی ئەم گفتوگۆیەدا هەندیك قسەی تازەی کردوە کە تاوەکو ئیستا لە لەلایەن سەرکردایەتی یەکیتیەوە نەکراون، هەروەها بە مەبەستی ڕوون بونەوەی زیاتری ڕاستیەکان بۆ خەڵکی کوردستان، پیویست دەکات وەڵام بە هەندێك لایەنی ئەو باس‌و بۆچونانە بدەینەوە.

لە پێشدا (ڕادیۆی هەرێم) لە دووتوێی پرسیارێکداو بە پێی مەنتقی یەکێتی نیشتمانی دەیەوێ ڕووداوی ١٤ی تەمموزی ٢٠٠٠و ڕووداوی ٢٣ی سەپتەمبەری ٢٠٠١، وەکو دوو ڕووداوی لێکچو و دوو نمونەی "بە هەڵە لێکدانەوەی ئازادی" نیشانبدات کە یەکەمیان کۆمۆنیستەکان‌و دووەمیان تیرۆریستانی ئیسلامی "ناویانەتەوە"! تەنها سەرنجدانێك لەو بەراووردەی لە پرسیارەکەی ڕادیۆی هەرێمدا بەیان کراوە، کە پێڕەوییەکە لەو مەنتقەی یەکێتی نیشتمان‌و پێشوتر لە (کوردستانی نوێ)دا چەند ووتاری لە بارەوە نوسرا، ڕادەی دژایەتی یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ ئازادی سیاسی نیشان دەدات. بە ئیعترافی خودی یەکێتی نیشتمانی کە بە ئیمزای (نەزەر علی ئەکبەر- وەکیلی وەزیری ناوخۆی یەکێتی) بە شێوەی شکاتنامە لە دژی حیزبی ئێمە لەسەر کاغەز نوسرابوو، یەکێتی داوای قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی ئێمەی کرد لەسەر ئەوەی "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دژایەتی ئاینی ئیسلام‌و داوای هەڵوەشانەوەی قانونی ئەحوال شخصی عێراقی‌و یەکسانی مافی ژن‌و پیاوو جیابونەوەی کوردستان دەکات، ...هتد" ئەو شکاتنامەیەی یەکێتی کەوتە بەر ناڕەزایەتی فراوانی ڕای ئازادیخوازی خەڵك، بۆیە یەکێتی تەنانەت نەیتوانی بەپێی ئەو نەخشە بە ڕواڵەت قانونیەی کە دایڕشتبوو مەرامی خۆی لە دژی حیزبی ئێمە جێبەجێ بکات‌و بە ناچاری شکاتنامەکەی کێشایەوەو ئەو نەخشەیە بە مەبەستی خۆی نەگەیشت.

لە هەنگاوی دووەمدا کەوتە داڕشتنی نەخشەی پەلاماری چەکدارانە لە دژی حیزبی ئێمە. بە ئیعترافی خۆیان هەردوو دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی‌و بەعسیش لە پشتی ئەم نەخشەیەوە راوەستابوون. ئێمە زۆرمان هەوڵدا کێشەکە لە کاتی خۆیدا بە شێوەی سیاسی چارەسەر بکرێت. بەڵام یەکێتی بڕیاری دابوو بۆ بردنەپێشی سیاسەتی خۆی‌و ڕازی کردنی دڵی خاترداران ئەو نەخشەیە جێبەجێ بکات، بۆیە نامەی جێگری سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی حزبمان (ئەمجەد غفور- عوسمان حاجی مارف) کە ڕۆژی ١٠ی تەمموزی ٢٠٠٠ ئاراستەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کرا بۆ دانیشتن‌و قسەکردن لەسەر ئەم کێشەیە، لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتیەوە بێوەڵام مایەوە. دواتر ڕێپێوانی هێمنانەی هاوڕێیانی مەقەرەکانی ئێمە دژی برینی ئاوو کارەباو تلفون، بە ڕاکێشانی چەك‌و تەقەی هەوایی‌و داپڵۆسین وەڵام درایەوە. پاش هەموو ئەمانە حیزبی ئێمە لە ڕوانگەی هەست بە مسئولیەتەوە ڕۆژی ١٤ی تەمووز سەعاتێك پێش دەست پێکردنی پەلامارەکەی یەکێتی وەفدێکی ڕابەری نارد لەگەڵ نەوشیروان مستەفا

دانیشتن‌و تەنانەت لە کۆمەڵێك مافی خۆمان بوراین‌و بەم پێیەش لەسەر چارەسەری کێشەکە پێکهاتن، بەڵام دوای هەموو ئەوانە پەلاماری چەکداری دەستی پێکرد، بۆ دوو ڕۆژ دواتریش ئەوەبوو وەفدی گفتوگۆی ئێمەیان بە بارمتەگرت.

ئێستاش دوای زیاتر لە دوو سال بە پرسیارەکانی ڕادیۆی هەرێم‌و وەڵامەکانی مەلا بەختیاریشدا پێ ناچێت یەکێتی هیچ بە خۆدا چونەوەو ئاڵوگۆڕێکی لە سیاسەتەکانیدا کردبێت، بەم جۆرەش نیشانیدەدات کە دەیەوێ درێژە بە هەمان عەقڵیەت بدات‌و خۆی لە چارەسەری کێشەکان لابدات. ڕووداوی ١٤ی تەمموز کە لەو گفتوگریەدا وەکو هەمیشە "نانەوە"کەی دەخرێتە ئەستۆی کۆمۆنیستەکان‌و گوایە سەیارەکەی ئێمە لە "خاڵی پشکنینی ناو عقاری!!" ڕانەوەستاوەو تەنانەت تەقەی لەوان کردوە، دوای ئەو هەموو هەوڵەی ئێمەو دوای ڕێککەوتنەکە ڕوویدا. بکوژو خەتاکاریش تیایدا یەکێتی نیشتمانی بوو. ئەم ڕووداوە بە پێش چاوی خەڵکەوە ڕوویدا، هیچ شتێك لەوە ڕۆشنتر نەبوو کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوەو بریاری لەسەر درابوو، سەیارەیەك کە لە کڕینی موادی خۆراکی لە بازاڕەوە دەگەڕایەوە، خرایە ناو بۆسەیەکەوە کە بە دەیان لولە تەقەی لێ دەکرد. لە دووری چەند مەتر ئەولای شوێنی گولەبارانەکەشەوە هەموو کەرەسەیەکی پێویست بۆ ئەو نەخشەیەی بڕیاری لەسەر درابوو ئامادەبوو: کامیرا بۆ گرتنی وێنەی کوشت‌و کوشتارەکەو بردنی بە دیاری بۆ جێگای مەبەست، وەسائیلی پێویست بۆ ڕاکێشانی سەیارەکەو شاردنەوەی تەرمەکان‌و شۆرینەوەی خوێنەکە.....هەموو ئەمانە لە چارەکە سەعاتێکدا جێبەجێ کرا. هەموو بەهانەکان بە جێگای خۆی، بەڵام پاساو بۆ شاردنەوەی تەرمەکان‌و نەدانەوەی بە کەس‌و کاریان چیە؟! ئەگەر ڕەفتاری وا پێش یەکێتی لە عێراقدا نمونەی هەبێت بەڵام دەستبەسەر کردنی وەفدی گفتوگۆ پێشتر نە لە عادەتی نێوان ئەحزابی سیاسی‌و نە تەنانەت لە عادەتی ڕژێمەکانی دەسەڵاتدار لە عێراقیشدا وێنەی نەبووە. پاساو بۆ ئەمە چیە؟ بە کام چەمکی ئازادی‌و دیموکراسی دەشارێتەوە؟!

بەڵام ڕووداوی ٢٣ی سەپتەمبەر بکوژو تاوانکار تیایدا باندی (جند الاسلام)ی ئینسان کوژ بوون. هەروەها ئەگەر کێشەی ئێمەو یەکێتی لەسەر"جیابونەوەی کوردستان‌و هەڵوەشانەوەی قانونی ئەحوال شخصی بەعس‌و یەکسانی مافی ژن‌و پیاوو دژایەتی کردنی ئیسلام بوو" ئەوە کێشەی ئەم تاقمە لەسەر تیرۆرو تەقاندنەوەو جیهاد بوو، وەکو مەلا بەختیار دەڵێ لەسەر "ڕاکێشانی شمشیر بوو بۆ کوشتاری ئەحزابی عەلمانی". ئەوان دەیان ئینسانیان بە شمشیرو قەمە لەت‌و پەت کرد، ئێمە بە شیوەی سیاسی‌و متمەدنانە داوای ئەو خواستانەمان دەکرد کە لەسەرەوە باس کران. بەراورد کردنی ئەم دوو مەسەلەیە زەقترین بەڵگەی توتالیتاریزمە، بەڵگەی ئەوەیە هەرکەس ناکۆکی سیاسی لەگەڵ یەکێتی هەبێت وەکو ئەوە وایە کە ئەنجامدەری دەیان کاری تیرۆریستی‌و کارەساتی ٢٣ی سەپتەمبەر بێت. بەڵام دەبێ ئینصافی ئەوەمان هەبێت کە مەلا بەختیار بە پێچەوانەی ئەوەی کە (کوردستانی نوێ) چەند لاپەڕەی لەسەری پڕ کردەوە، قبوڵی نیەو "پێی خۆش نیە" کۆمۆنیستەکان‌و (جند الاسلام) لەگەڵ یەك بەراورد بکرێن. ئەمە ئاڵوگۆڕێکە لەو بۆچونەیاندا، هیوادارم ئەم بەخۆداچونەوەیە تەنیا ڕای شخصی مەلا بەختیار نەبێت بەڵکو ڕای یەکێتی بێت‌و بەو بڕوایە گەیشتبن ئەو تێزەی پێشو دایانهێنابوو بۆ لێکچواندنی (توندڕەوی ئیسلامی‌و توندڕەوی کۆمۆنیستی) بێ بناغەو پوچ بوو.

## کێشەی ئێمەو یەکێتی
## لەسەر چیە؟

یەکێتی هەرجارەی بە جۆرێك هۆیەکانی هێرشی چەکدارانەی خۆی بۆسەر حزبی ئێمە دەهۆنێتەوە. بەڵام تەنانەت بەو جۆرەش کە خۆی دەیهۆنێتەوە هیچ یەك لە بەهانەکانی نەیتوانیوەو ناتوانێ لەبەردەم ڕای گشتی خەڵکدا پاساوی ئەو تاوانە بدات کە ئەنجامیداوە. سەرەتا بەلگەکانیان ئەوەبوو کە ئێمە داوای جیابونەوەی کوردستان و یەکسانی مافی ژن و پیاوو هەڵوەشانەوەی قانونی ئەحوال شخصی دەکەین، ئەم بەهانانە هەر کاتی خۆی لەبەردەم ڕای گشتیدا خۆیان نەگرت و بە هەوادا چوون. دواتر بەهانەکە بوو بەوەی کە گوایە ئێمە "بە هەڵە ئەو ئازادیەمان لێکداوەتەوە" کە لە کوردستان هەیە، ئەمجارەش دیسان ئەمە دووپات کراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە خۆی بەڵگەیەکە بۆ مەحکوم کردنی یەکێتی. ئەمە ئیعترافە بەوەی کە هەر هێزو لایەنێك لێکدانەوەیەکی جیاواز لە یەکێتی و یان بە ووتەی ئەوان "هەڵەی هەبێت بۆ لێکدانەوەی ئازادی" ئەوان ئامادەن لە ناوجەرگەی شاری سلیمانیدا کوشتارگای بۆ هەڵدەخرێت. جێگای سەرنجە کە بە پێی ئەم قسانە ئەو کوشتارگایەی ١٤ی تەمموزی ٢٠٠٠ تەنها لەسەر "بە هەڵە لێکدانەوەی ئازادیە". لە کاتێکدا سەرەتاییترین مانای ئازادی ئەوەیە کە هەرکەس ئازادبێت تەنانەت لە لێکدانەوەی مانای ئازادیشدا.

بەهانەیەکی دیکە ئەوەیە کە مەلا بەختیار باسی دەکات و دەڵی "ئێمە لەگەڵ کۆمۆنیستی کریکاری لە باری فەلسەفیەوە، لە باری ئایدۆلۆژیەوە لەگەڵ ئەوان ناکۆکین"، بەم مانایە وا دیارە ناکۆکی فەلسەفی و ئایدۆلۆژیش هۆیەکی دیکەیە بۆ سیاسەتی یەکێتی بەرامبەر حیزبی ئێمە. هەڵبەت لە ڕاستیدا کێشەی نێوان ئێمەو یەکێتی کێشەیەکی سیاسیە نەك فەلسەفی و ئایدۆلۆژی، کێشەیە لەسەر چارەنوسی کوردستان و مافەکانی خەڵك، کێشەیە لەسەر ئەوەی کە یەکێتی پابەندی ئازادی سیاسی و مافە سیاسی و مەدەنیەکانی خەڵك نابێت، دەست لە پشتی کۆنەپەرستی و تیرۆریزمی ئیسلامی ناکاتەوە بە تایبەت ئەو بەشانەیان کە "ڕەسەنن"، بە زۆرو بە زەبری میلیشیای چەکدارو بەبێ هیچ بناغەیەکی شەرعی و قانونی دەسەڵاتی حیزبی خۆیان داسەپاندوە، پێڕەوی لە هیچ یاساو پێوانەو نۆرمێکی ئازادی و هەتا دیموکراسیش ناکەن، قانونەکانی ڕژێمی بەعسیان پاراستوەو بەسەر خەڵکدا دایدەسەپێنن، دەرگای سنورەکانی کوردستانیان بەڕووی سوپاو دەزگا تیرۆریستی و جاسوسیەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەدا کردوەتەوە، مافەکانی کرێکاران و ژنان و لاوان و منداڵان پێشیل دەکەن، مامەڵە بە کێشەی کوردەوە دەکەن، ... ئەمانە بەشیکن لە گرنگترین هۆیەکانی کێشەی سیاسی ئێمەیە لەگەڵ یەکێتی، کە ئەوان دەیانەوێ فەلسەفی و ئایدۆلۆژی بکەنەوە.

مەلا بەختیار لە جێگایەکی تردا بە ڕۆشنی و سەراحەت دانی بەوەدا ناوە کە پەلاماری چەکدارانەی یەکێتی بۆسەر حیزبی ئێمە لە چوارچێوەی سەپاندنی دەسەڵاتی تاقانەی خۆی و کوشتنی بەرامبەرو قەدەغە کردنی ئازادیدا بوو. لەم بارەیەوە دەڵی "بێگومان ئەگەر یەکێتی بیەوێ تەنها خۆی هەبێت (ئەمە)کوشتنی بەرامبەرەکانە، یەکێتی دەسەڵاتێك جگە لەدەسەڵاتی دیموکراتی بسەپێنێ بەسەر بەرامبەرەکاندا کوشتنی هەموو بیروڕایەکی بەرامبەرە، وە ئیتر ئەمە یەکێتیەکی دیموکراتی نیە یەکێتیەکی ترە، ئەمە ڕاستیەکە ئێمە ناتوانین نکوڵی لێبکەین، ئایا یەکێتی وا بووە؟ یەکێتی بەرامبەرەکانی کوشتوە؟ یەکێتی ئازادی لێ قەدەغە کردوە؟ بیگومان ئەوە تەجروبەکان دەرکەوتووە <u>جگە لەو کێشەیەی کە لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە کوردستاندا هەبووە کێشەکانی تر ناتوانی لەسەر مەسەلەی بیر قسەی لەسەر بکەیت</u>" ئەو چەند ووشەیەی کە خەتی بەژێردا هاتوە لە قسەکانی مەلا بەختیاردا دانی بەوەدا ناوە کە پەلاماردانی حیزبی ئێمە لەسەر "مەسەلەی بیر" بوو نەك هیچی ترو ئەمەش بەپێی ئیدعاو پێوانەکانی خودی یەکێتی بەڵگەی دژایەتیە لەگەل ئازادی و دیموکراسی، بەلگەی خۆسەپاندن و کوشتنی بەرامبەرە

.

بەڵام سەیر لەوەدایە دوای ئەم هەموو ئیعترافە ئاشکرایە بە پێشێلکاریەکانی خۆیان، لە جیاتی ئەوەی رەخنە لە خۆیان بگرن‌و بە خۆیاندا بچنەوەو گفتی ئەوە بدەن کە چی‌تر ئازادی پیشێل ناکەن، کەچی دیسان دەگەڕێتەوە سەر مەنتقی دژی ئازادی یەکێتی و دەڵی "سەبارەت بە کۆمۆنیستی کرێکاری‌و ئەو کێشەیەی کە دروست بوو لەگەڵیاندا بەڕاستی ئەوانە هەرگیز نەدەبوو کێشەکە بگەیەننە ئەو ڕادەیە، بگاتە کوشتار، بگاتە ناخۆشی، بگاتە ئەوەی کە قەدەغە بکرێن". بەم جۆرە نیشانی دەدات کە باسی ئازادی‌و دیموکراسی لای ئەوان تەنها خۆراکی پڕوپاگەندەیە، تەنانەت بەڵگەی ئەوەیە کە یەکێتی نیازی نیە دەست لە سەرکوتی ئازادی هەڵگرێت. ئەوە چ چەمکێکی ئازادیە، کە بەو لایەی شەڕو کێشەی پێ فرۆشراوە دەڵی نابوایە کێشەکە بگەیەننە ئەو ڕادەیە، بەو لایەی کوشتاری لێ کراوە دەڵی نابوو بیگەیەنن بە کوشتار، بەو لایەی ناخۆشترین ناخۆشی لەگەڵ کراوە دەڵی نابو بیگەیەنن بە ناخۆشی، بەو لایەی قەدەغە کراوە دەڵی نابوو بیگەیەن بە قەدەغەکردن. ئەمە گاڵتە کردنە بە ئازادی‌و دیموکراسی‌و مەنتق. "فاعل"ی هەموو ئەو کارانە خۆیانن کەچی یەخەی ئێمە دەگرن لەسەر ئەوەی بۆچی کار گەیشتوە بەم ڕادەیە! لە هەمان کاتدا ئەمە نیشانی دەدات کە یەکێتی سورە لەسەر سیاسەتی پێشێلکردنی ئازادی‌و نیەتی چارەسەی ئەو کێشەیەشی نیە.

## ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی

لەو گفتوگریەدا رەخنەی ئەوە لە ئێمە دەگرێت کە دەمانەوێ "ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی لە دنیادا بە دیبهێنین"، بەم مانایە خۆی‌و حزبەکەی دەبێ لایەنگری ئازادی بە قەیدو شەرت بن. بەڵام ئازادی ئازادیە، ئەگەر قەیدو شەرتی بۆ دانرا ئیتر ئازادی نیە. تا ئێوارە ئازادی بڕازێنیتەوە بەڵام کە "ئەگەرو بەڵام"و قەیدو شەرتی تێکەوت ئیتر هیچ مانایەکی ئازادی تیا نامێنێ. ڕژێمی بەعس دەڵی لە عێراقدا ئازادی هەیە، ئازادی حزب دروست کردن، ئازادی بەیان، ئازادی خۆپیشاندان... بەڵام هەر حزبێك دروست دەبێت دەبێ صدام وەکو سەروك‌و حزبی بەعس وەکو حزبی قائد قبوڵ بکات، هەر بڵاوکراوەیەك دەردەچێت دەبێ لاپەڕەی یەکەمی ڕەسمی صدام‌و لاپەڕەی دووەمی هەڵگوتن بە صدام بێت، خۆپیشاندانیش دەبێ شیعارەکەی "نفديك يا صدام بێت". پارتیش دەڵی ئازادی بەرقەرارە، بەڵام ئەگەر کەسانێك بیانەوێ حزبێك دروست بکەن " لە ڕۆژی یەکەمەوە نابێ دامەزرێنەران لە ٥٠ کەس‌و ژمارەی ئەندامانیان لە ٥٠٠ کەس کەمتربێت، دەبێ خاوەن پلەو پایەی کۆمەڵایەتی‌و ئاستی ڕۆشنبیری گونجاویش بن بۆ کاروباری حزبی، ئەوەشی کە بڕیار لەسەر ئەو پلەوپایەو ئاستە ڕۆشنبیریە گونجاوە دەدات، کۆمەڵێك ناسیونالیستی عەشایەری چەند ژنەی دیوەخاندارن. لای یەکێتیش وەکو سکرتێری یەکێتی دەڵێت "ئازادی بێ سنور بەرقەرارە" بەڵام بە پێی ئەو قانونەی کە لەم گفتوگریەدا پەنجەی بۆ ڕادەکێشراوەو لەلایەن پەرلەمانی هاوبەشی یەکێتی‌و پارتیەوە پەسەند کراوە، هەر حزبێك دروست دەبێت "دەبێ بەرژەوەندی باڵای هەرێم لەبەرچاوبگرێ، ڕەچاوی موقەدەساتی دینی‌و میللی بکات" بەرژەوەندی باڵای هەرێمیش یەکێتی‌و پارتی بڕیاری لەسەر دەدەن کە چیە، ڕەنگە هاتنی حەرەس جمهوری بەعس بێت بۆ هەولێر یان هاتنی سوپای پاسداران بێت بۆ کۆیە. یاساکەشیان کە کەس نازانێ چیەو هەرگیز نەخۆیان‌و نە پارتی پێی پابەند نەبوون، بەپێی "موقەدەساتی دینی‌و قومی" بڵاوکراوەی (بۆپیشەوە)ی لەسەر ووتارێکی من داخست.

بەم جۆرە ڕوون دەبێتەوە ئازادی تا کاتێك مانای هەیە کە قەیدو شەرتی بۆ دانەنرێت. بەڵام ئەوە زۆر تەفسیرێکی چەواشەیە کە دەڵێ "ئەپرسم لە کوێ ئازادی بی قەیدوشەرتی سیاسی هەیە، لە ئەوروپا حزبی نازی قەدەغەیە، حیزبی فاشی قەدەغەیە،..." ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی ماناکەی زۆر ڕۆشنە ئەگەر بە دەستی ئەنقەست

نەشێوێنرێت، یانی هەمووان ئازادبن حیزبی خۆیان دروست بکەن، هەڵسوڕانی خۆیان بکەن، قسەی دڵی خۆیان بکەن، رەخنەبگرن، خۆپیشاندان بکەن... بەڵام کاتێك حزبێکی نازی یان فاشی لەسەر بناغەی جیاوازی ڕەگەزیی و قومی، نەك هەر ئەم ئازادیە بۆ خەڵکی سەر بە ڕەگەزو قومیەتەکانی دیکە قایل نەبێت، بەڵکو لەسەر بناغەی ڕەنگی قژو پێستیان حوکمی مەرگیان بەسەردا بدات، چۆن لە سایەی ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسیدا جێگای دەبیتەوە. ئازادی پیش هەموو شتیك واتە هەر لایەك ئازادی بۆ هەموانی دیکە بسەلمێنێ، کەوایە چۆن دەکریت ئازادی بەوە لیکبدریتەوە کە بوار بدریت حزبیکی نازی یان فاشی یان دینی بانگیشەی کوشتاری خەلك بکات. ئازادی کاتیك فەراهەم دەبیت کە ئەمانە نەبن. سەرئەنجام ئازادی بێ قەیدو شەرتیش دوژمنی خۆی هەیەو بەر قەرارکردنی بەندە بە تێکشاکاندنی ئەو دوژمنانەوە. بۆ ئەوەی ئازادی بەر قەراربێت دەبێت فاشیزمو نازیزیمو تیرۆریزمو تۆتالیتاریزمو...بەعس تێکبشکێنرێن. لێرەدا ئەو قسەیەی مەلا بەختیار دروستە کە دەڵێ " هیچ دیموکراسی و ئازادیەك بەبێ سەرکوتکردنی دوژمنەکانی ئازادیو دیموکراسی سەقامگیر نەبوو". بەڵام دواتر بۆ شێواندنی مانای ئازادی بێقەیدو شەرت ئەم قسەیەی خۆی لە بیر دەباتەوە. بەهەرحال ئازادی ئازادیە، یانی هەموان مافی خۆیانە حیزب دروست بکەن، رۆژنامە دەرکەن، کۆبونەوەو خۆپیشاندانو میتینگ بەرپا بکەن، مەقەرو رادیۆو تلفزیونیان هەبیت ... هەرکەسیش بەبێ قەیدو شەرت ئەم مافەی بۆ غەیری خۆی قبوڵ نەکرد مانای لە چوارچێوەی ئازادی بێ قەیدوشەرتدا جێگای نابیتەوە، چونکە ئەگەر ئەو هەبێت ئیتر ئازادی نابێت، لە نیوان ئازادیو دوژمنانی ئازادیدا دەبێ یەکیکیان هەبن. بەڵام ئایا یەکێتی پێڕەوی لە ئازادی کردوە؟ مەلا بەختیار کاتێك " تەجروبەکان" دەکات بە پێوانەی ئازادیخوازی یەکێتی، دەست بۆ خاڵێکی زۆر لاوازی خۆیان دەبات، لە ڕاستیدا تەجروبەکان لە دژی مەبەستەکەی شایەتی دەدەن نەك بە قازانجی. ئەگەر لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا "تەجروبەکان" بکرین بە پێوانە، هەموو توشی "خیبە الامل" دەبن بەرامبەر بە ئازادیخوازی یەکێتی. باشترە گفتی ئەوە بدەن کە تەجروبەکانی پێشوو دوپات ناکەنەوە.

ڕەخنەی ئەوەی لە ئێمە گرتووە کە باوەڕمان بە دەسەڵاتی دیموکراتی نیە، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە دیموکراسیمان پێکەمە، دیموکراسی زۆر کەمە، دیموکراسی ئەو ئازادیە خەڵك نادات کە پیویستیەتیو باسی ئازادی خەڵكو دەخاڵەتی خەڵك لە چارەنوسی خۆیان ناکات، بەڵکو باسی دەسەڵاتی چینێك دەکات. خەڵك لە دیموکراسیدا تەنها بریتین لە <u>دەنگێك ئەگەر</u> "بەخت هەبێتو وەکو کوردستانی لێ نەیات" ئەوە هەر چوار ساڵ جارێك ئەو دەنگە دەخرێتە صندوقێکەوەو خاوەنەکەی دەڕوات لەماڵەوە دادەنیشێ، ئیتر هەموو بڕیارو دەسەڵاتێك بۆ تاقمێکی کەم دەمێنێتەوە. ئێمە دەڵێین دیموکراسی کەمە، هیچ نیە لە چاو مافەکانی خەڵك، کۆمەڵگای ئینسانی شایستەی ئازادیو یەکسانیو خۆشگوزەرانیە. ئەو ئازادیەی ئیمە باسی دەکەین زۆر واوەترە لە دیموکراسیو بە مانای ئازادیە لە هەموو کوێتو بەندیکی ئابوریو سیاسیو کۆمەلایەتیو فەرهەنگی. بەڵام بریا یەکێتیو پارتی کە گوایە باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە، تۆزقاڵێك پابەندی ئەو دیموکراسیە بونایە، بێشك ئێمە ئەوەمان بە خاڵێکی باش بۆ تۆمار دەکردن. بەلام کە خۆیان ئیدعای دەکەنو پێڕەوی لێ ناکەن، چۆن دەکرێت ڕەخنەی ئەوە لە نەیارانیان بگرن کە باوەڕیان پێی نیەو پێڕەوی لێ ناکەن.

هەروەها ڕەخنەمان لێ دەگرێ دەڵێ "دەیانەوێ یەکسەر سیستەمێکی سۆشیالیستی لە وولاتێکی دواکەوتوی وەکو کوردستاندا بەدیبێت، لە کاتێکدا لە ئەوروپا بەدینەهاتوە...مشکیلەمان لەگەڵ ئەم حیزبە لەسەر ئەمانەیە بەڕاستی" سەرنج بدەن بزانن ئەمە چ خەتایەکی عەجایەبە کە ئێمە کردومانە؟ بۆچی لە وولاتێکی دواکەوتودا داوای سۆسیالیزمو ئازادیو یەکسانیو خۆشکوزەرانی دەکەین؟! وا دیارە یەکێتی لەسەر حەقو واقعیینە کە بە

لەبەرچاوگرتنی "دواکەوتویی" کۆمەڵگاکە دژایەتی سۆسیالیزم دەکات و ئەو حیزبەش سەرکوت دەکات کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم "دواکەوتوییە باوەڕی بەوەیە یەکسەر سیستەمی سۆسیالیستی بەدیبێت". بەڵام ئێمە شانازی بەم خەتایەوە دەکەین. لێرەدا بە پێویستی نازانم بچمە ناو ئەم باسەوەو قسە لەسەر ئەم بەڵگە دژی سۆسیالیستیە دەستی چەندەمە بکەم کە ئەو هێناویەتیەوە، تەنها ئەوەندە دەڵێم کە بڕیار نیە "شارستانیەتی سەرمایەداری پیشکەوتوو" لە ڕەوتی پێشکەوتنی خۆیدا، سۆسیالیزم بهێنێتەدی، بەڵکو هاتنەدی سۆسیالیزم چ لە ئەوروپای پێشکەتووبێت و چ لە کوردستانی "دواکەوتوو" بەندە بە پراتیکی ئینسانەوە، بەندە بە کێشمەکێش و هاوسەنگی هێزی نێوان ئەوانەی هەوڵی بۆ دەدەن و ئەوانەی لە دژی ڕادەوەستن، هەرکات ئەوانەی هەوڵی بۆدەدەن هێزی خۆیان ئەوەندە کۆو ئامادەکرد کە سەرکەون بەسەر ئەوانەی دژایەتی دەکەن، سۆسیالیزم لە دواکەوتوترین کۆمەڵگای ئەم سەردەمەدا دێتەدی، ئەگەر ئەم مەرجەش مسۆگەر نەبێت هەتا هەتایە لە پێشکەوتوترین کۆمەڵگای ئەم سەردەمەشدا سۆسیالیزم بە دی نایەت. هەل‌ومەرجی بابەتی و گەشەی بەرهەم و سەروەت و سامان لە دواکەوتوترین کۆمەڵگای ئەم سەردەمەدا بە ئەندازەی پیویست بۆ بەرپاکردنی سۆسیالیزم و کۆمەلگایەکی ئازادو خۆشگوزەران و تێروتەسەل فەراهەمە، بەڵام دەبێ ئەم سەروەت و سامانە لە دەستی کەمایەتیەکی قازانجپەرستی سەرمایەدار دەربێت و بخرێتە خزمەت خۆشگوزەرانی هەموانەوە. ئەمە گرێی مەسەلەکەیە. ئەمە بە پراتیکی ئینسان دەکرێت بە گەشەی شارستانی ناکرێت.

بەلام با ئەوە لەولاوە ڕاوەستێ کە سۆسیالیزم لە کوردستان جێبەجێ دەبیت یان نا. من چەند پرسیار لە یەکێتی دەکەم: ئەگەر دەزانن سۆسیالیزم جێبەجێ نابیت و ئیمە دوای خەیال کەوتوین، کەواتە چ پیویست دەکات ئەوەندە دژایەتی بکەن و ڕێگری بۆ هەڵسوڕانی ئێمە دروست بکەن؟ ئەگەر باوەتان بەو قسەیەی خۆتان هەیە بۆ لێناگەرین کاری خۆمان بکەین؟ پاشان ئێوە کە بە دەمی خۆتان دەلێن "مشکیلەی ئێمە لەگەل ئەم حزبە لەسەر ئەوەیە کە لە وولاتێکی دواکەتودا دەیانەوێ سیستەمی سۆسیالیستی دامەزرێنن"، ئەی کەواتە دیموکراسیەکەتان چی بەسەر هات؟ بەدەر لەوەی سۆسیالیزم جێبەجێ دەبیت یان نا، ئێمە حزبیکین بەم جۆرە بیر دەکەینەوە، ئایا دیموکراسیەکەی ئێوە ئەو مافە سەرتاییە بە ئێمە دەدات کە بەم جۆرە بیربکەینەوە؟ بۆچی لەسەر ئەمە "مشکیلەمان" لەگەل دروست دەکەن؟

## کام یاسا؟

یەکیتی هەرکات بیەوێ بیانو بگرێت باسی یاسا دەهێنێتە پێشەوە. یاساش ئەو شتەیە کە ڕۆژانە بەرژەوەندی خۆی بیخوازێ. ئایا یەکێتی دەتوانێ چوار بەندی ئەو یاسایەمان بۆ باس بکات کە مەبەستیانەو خۆیان پێرەویان لێ کردوە؟ یاسا لای ئەوان مانای ملدانە بەو قەیدو شەرتانەی کە بۆ غەیری خۆیان دایدەنێن، لە کاتێکدا یاسا لانی کەم بە مانا دیموکراسیەکەی لە پێشدا دەبێ مافی هاولاتیان دیاری بکات پاشان ئیلتزاماتیشیان بۆ دابنێ. ئەگەر یەکێتی ئیدعا ئەمە دەکات کە وای کردوە، من دەیسەڵمێنم کە ئەمە یەك تۆزقاڵ واقعیەتی تیا نیە.

یەکێتی پێش ئەوەی بە ئێمە بڵێ دەبی پابەندی چی بین، دەبێ مافی ئەوە بۆ خەڵك و هەموو لایەنیکی سیاسی بسەڵمێنێ کە بتوانن لە دیاریکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا دەخالەت بکەن، ئەم قسەیە لە حزوری یەکێتی و پارتیدا کفرێکی گەورەیە. بەڵام لە وولاتێکی دیموکراسیدا قسەو مافێکی زۆر سادەیە، ئەگەر بڕۆی بڵێی دەسەڵات لەم وولاتەدا چۆن دیاری دەکرێت، زۆر سادە پێت دەڵێن: بڕۆ حیزبی خۆت دروست بکە، ئازادانە کارو هەلسوڕانی سیاسیت بکە، کۆبونەوە دەگری، سمینار دەگری، جریدە دەردەکەیت، خۆپیشاندان بەڕێدەخەی....ئازادی، چوار

ساڵی دیکەش هەڵبژاردن دەکرێت، وەرە بەشداری تیا بکەو بە ئەندازەی ئەو دەنگانەی بەدەستی دەهێنی دەتوانی لە دەسەلاّت بەشداربیت، خۆ ئەگەر زۆربەی دەنگەکان بە دەست بهنی دەتوانی خۆت دەسەلاّت بەدەستەوە بگری. یەکێتی و پارتی پیویستە بۆ خەلك و لایەنەکانی روون بکەنەوە کە ریگای قانوونی بۆ گۆرینی دەسەلاّت، بۆ گۆرینی قانوون چۆنە؟ قانون چۆن پەسەند دەکریت؟

بەلاّم ئەمە لای یەکێتی و پارتی چۆنە؟ ئەوان دەڵین دەسەلاّت مڵك و میراتی ئێمەیە، ئەمە قسەی تیا نیە، پاشان ئێمە بە پێی بەرژەوەندی خۆمان کۆمەڵێك قەیدوشەرتمان بۆ غەیری خۆمان داناوەو ناومان ناوە یاسا، هەرکەس لەم مەملەکەتەی ئێمە بیەوێ بژیو کار بکات دەبێ پێرەوی لەوانە بکات و ئیجازەی کاریش لە ئێمە وەرگرێ. پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر من وەکو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بمەوێ بە ڕێگای قانونی و دیموکراسی دەسەلاّت لە یەکیتی و پارتی وەرگرم، هیچ ڕێگایەکم لە پێشە؟ ئەگەر دەڵێن بەڵی لێرەش هەڵبژاردن و پەرلەمان هەیە، دەڵێم وا نیە. کام هەڵبژاردن؟ ئەوەی کە بە بەڵگەکانی خۆتان لەسەر پارتی و بە بەڵگەکانی پارتی لەسەر ئێوە دەرکەوتوە کە هەردوولاتان تەزویر دەکەن و هەڵبژاردنی پاك و ئازادانەتان نیە؟ هەموو کەس دەزانێ هەردوولاتان بە زەخت دەنگ لە خەڵك وەردەگرن، لەمەش زیاتر نیشانتانداوە کە ئەو هەڵبژاردنەی ئەنجامەکەیتان بەدڵ نەبێت قبوڵی ناکەن و دەچن دەنگەکان فرێدەدەنە تەنەکەی خۆڵەوەو بەپێی تەوازنی هێزی میلیشیاتان دەسەلاّت لە نێوان خۆتان بەش دەکەن؟ ئەو هەڵبژاردنەش کە بەم هەموو عەیبەوە ١٠ ساڵ لەمەوبەر کردتان، هەر یەکجار بوو ئیتر دەتانەوێ بۆ ئەبەد بیکەنە بناغەی شەرعیەتی دەسەلاّتتان؟ کەوایە دەکرێ ئیدعای ئەوە بکەن کە لیرە هەلبژاردن هەیە؟ ئایا لە هەلبژاردنی ئیوەدا هەل ومەرج و ئیمکانیەتی پیویست و یەکسان بۆ هەلسورانی ئازادانەی هەموو حیزبەکان فەراهەم دەکرێت.

یەکێتی و پارتی بە پێی کام یاسا، خۆیان کردوە بە دەسەلاّتداری ئەم کۆمەڵگایە؟ شەرعیەتی حکومەتی یەکێتی و پارتی و سەرۆکی هەرێمیان لە کوێ هێناوە؟ بە پێی کام یاسا داهاتی وووڵات خەرجی شەڕی ناوخۆیان و دام و دەزگا حزبیەکانیان دەکەن؟ بەپێی کام یاسا ماڵ و حاڵی خەڵکیان کرد بە مەیدانی شەڕو کوشتار؟ بەپێی کام یاسا تیرۆریزمی ئیسلامیان پەلکیش کرد بۆ ناو دەسەلاّت و بە ملیون دیناریان خستە خزمەتی بەرنامەو نەخشەی تیرۆریستیانەوە؟ بەپێی کام یاسا کار بە تەزکیەی حزبایەتی دەکەن و هەرکەس یەکێتی یان پارتی نەبێت دەرفەتی کاری پێ نادەن؟ بە پێی کام یاسا دەستی بەعس و تورکیاو ئێران تا قولاّیی کوردستان ڕاکێشران؟ بەپێی کام یاسا میت و ئیتلاعات دێن لە شارەکانی کوردستان کاری جاسوسی و تیرۆریستی دەکەن؟ بەپێی کام یاسا لەسەر بناغەی بەندوبەست لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا داهاتی کوردستان و زەوی و زاری ناوچەی سلێمانی دەبەخشینریتەوە بەسەر بەکرێگیراوانی میتی تورکیدا کەچی کەلاوەکانیش بەسەر خەڵکی بێخانەولانەدا دەڕوخێنن؟ ئەو یاسایەی کە ئیسلامی وەکو دینی ڕەسمی سەپاندوەو تێکەڵ بە پەروەردەو فێرکردنی کردوە؟ مەگەر خۆتان نالێن" دین لەگەڵ چەمکی زانستی ئازادی تەبا نیە"؟ ئەم لیستە دورو درێژەو کۆتایی نایەت. فەرموو با لێکۆڵینەوە بکرێت بزانین کێ سەرپێچی لە یاسای دیموکراسی دەکات و کێ "گوناهکارە" تا لە دادگای ئاشکرادا سزای خۆی وەرگرێ. لە ڕاستیدا ئەوە ئێمەین کە دەڵێین ئێوە یەکێتی و پارتی بە هیچ یاساو نۆرم و پێوانەیەکی ئازادی و دیموکراسی پابەندنین.

## دین و چەمکی ئازادی

مەسەلەی دین و بە تایبەت دینی ئیسلام یەکێکە لە مەسەلەو کێشە جدیەکانی نێوان ئێمەو یەکێتی. کاتی خۆشی لەو شکاتنامەیەی کە یەکێتی لە دژی ئێمە دابووی بە دادگا یەکێك لە بەڵگەکانی بۆ قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی ئێمە، ئەوەبوو کە ئێمە دژایەتی "ئاینی ئیسلام" دەکەین. پێشتریش ساڵی ١٩٩٥هەر بە هەمان بەڵگە لەسەر ووتارێکی من

دەربارەی ئیسلام، بڵاوکراوەی (بۆپێشەوە)یان داخست. باسی ئێمە لەسەر مەسەلەی ئیسلام واوەترە لەوەی بەرتەسک بکرێتەوە یان ببەسترێتەوە بە باندێکی وەکو (جند الاسلام)ەوە، کە بەم دواییانەو دوای هەڵکەندی قەبری شێخەکانی نەقشبەندی یەکێتی گەیشتووە بەو باوەڕەی کە ئیستا بڵێن:"ئەوانە قێزەوێنن، پڕوپوچن، قابیلی ئەوەنین کە ئەصەڵەن لە ناو بازنەی ئینسانیشدا باسیان بکرێت... یەکیتی نیشتمانی ڕێگای لەبەردەمدا نیە لە بەرامبەر ئەمانە ئیلا ڕێگای تەفروتوناکردن نەبێت"، لە کاتێکدا ئێمەو خەڵکی ئازادیخواز هەمیشەو بە تایبەت دوای کارەساتی ٢٣ی سەپتەمبەر ووتمان دەبێ هەڵسوڕانی تیرۆریستی ئەمانە قەدەغە بکرێت، کەچی یەکێتی ئەوکات کە بە پێی بەرژەوەندی خۆی خەریکی سازان بوو لەگەڵیان‌و لە دژی ئێمە هاتە وەڵام‌و ووتی "ئێوە توندڕەون‌و باوەڕتان بە دیموکراسی نیە"، ئێستاش کە یەکێتی بە هەر هۆیەکەوە بێت نەخشەی سازان لەگەڵ ئەوانی نیە، دیموکراسیەکەی خستوەتە گۆزەوەو ئەمجارە ئەگەر جدی بێت لەسەر قسەی خۆی، باسی پێوستی "تەفروتوناکردنیان" دەکات.

بەڵام جیاواز لەمەو جیاواز لە گشت ئیسلامی سیاسی "بەڕەسەن‌و ناڕەسەنیەوە" بەشێکی گرنگی قسەی چەند ساڵەی ئێمە لەسەر ئیسلام هەر ئەو شتەیە کە ئێستا مەلا بەختیار خۆی باسی دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی بیگەیەنێ بە ئەنجامی مەنتقی خۆی وازی لێ دەهێنێ. ئێمە هێزێکی دژی دین‌و دژی ئیسلامین، خەبات دەکەین بۆ شکاندنی ئەم کۆتەی کە لە دەست‌و پێی خەڵك ئاڵێنراوە، ئەمە بۆچونی ئێمەیە لەسەر دین‌و بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنین، بەڵام جیا لەمە ئەوەی لە پەیوەند بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك‌و کۆمەڵگاوە باسمان کردوە، باسی عەلمانیەتە، باسی جیایی دینە لە پەروەردەو فیرکردن‌و دەسەڵات‌و یاسا، ئەمە یەکێکە لە هۆیەکانی کێشەی چەند ساڵەی ئێمە لەگەڵ یەکێتی‌و پارتی. ئەو بە دروست دەڵی "دین ئەبێت ببێ بە مەسەلەیەکی شخصی" هەروەها باسی ئەوە دەکات کە نابێ بسەپێنرێت بەسەر دەسەڵات‌و دەسەڵاتیش بیسەپێنێ بەسەر خەڵکدا. ئێمە چەند ساڵە ئەمە دووپات دەکەینەوە. بەڵام دەسەڵاتی یەکێتی دروست بە پێچەوانەی قسەکانی خۆیەوە دینی ئیسلامی وەکو دینی ڕەسمی وڵات داسەپاندوەو کردویەتی بە بناغەیەکی دەسەڵات‌و "یاسا"و پەروەردەو فێرکردن، تەنانەت سوننەتە ئیسلامیەکان بەسەر خەڵکدا فەرز دەکات، لە مانگی ڕەمەزاندا لەسەر کێشانی جگەرەیەك خەڵك دەخەنە زیندانەوە. هەروەها دەڵێت "ئازادی لەگەڵ دین تەبایە، بەڵام دین لەگەڵ چەمکی زانیستی ئازادی تەبا نیە" قسەکەی ڕاستە، ئازادی ڕێگا دەدات بە هەرکەس پێڕەوی لە دین‌و بیروباوەڕی دینی خۆی بکات‌و بڵاوی کاتەوەو لە پێناویدا هەڵسوڕێ، بەڵام دین ئازادی نادات بە هەرکەس کە پێڕەوی لە بیروباوەڕی دژی دینی خۆی بکات‌و بڵاویکاتەوەو کاری بۆ بکات. سەیر لەوەدایە ئەو یاسایەی کە بە ئێمە دەڵێن دەبێ پابەندی بن، ڕاستەوخۆ پشتی بەستوە بەو "دینە ناتەبایە"لەگەڵ ئازادی، کەچی ناویشی دەنێ "یاسایەکی دیموکراسی کە ئازادی سیاسی دەبەخشێتە هێزە سیاسیەکان لە کوردستاندا". لە کاتێکدا هەر بە بەڵگەی قسەکەی خۆی ئەو یاسایە یاسایەکی ناتەبایە لەگەڵ ئازادی. بۆ نمونە فەرموو چاو لە دەستوری عێراق‌و یاسای ئەحوال شخصی‌و عقوبات بکەن کە یەکێتی‌و پارتی بەڕەسمی قبوڵیان کردون‌و کاریان پێ دەکەن. تەنانەت چاو لە یاسای حیزب‌و کۆمەڵەکان‌و چاپەمەنی بکەن کە پەرلەمانی هاوبەشی یەکێتی‌و پارتی بڕیاری لەسەر داوە، تا ببینن کە چۆن بیروباوەڕی ئیسلامی وەکو موقەدەسات فەرز دەکەن بەسەر خەڵك‌و ئەحزابدا.

ئێمەش ئەو ڕاستیە دووپات دەکەینەوە کە دین ناتەبایە لەگەڵ ئازادی، بەڵام لەوەش زیاتر ئێمە دەیسەلمێنین کە ئیسلام تاوانبارە لە کوردستانی عێراق، نەك هەر باندە ئیسلامیەکان، نەك هەر ئیسلامی سیاسی، بەڵکو خودی ئیسلام‌و "ڕەسەنترین" جۆرەکەی تاوانبارە. تیرۆری خەڵکانی عەلمانی‌و چەپ‌و کۆمۆنیست‌و پەخشانەوەی فتواو بانگەشەی جیهادو تەقاندنەوەی نادی‌و سەیرانگاو ئارایشتگاکانی ژنان‌و تێزاب وژاندن‌و دەیان تاوانی دیکەی لەم

بابەت با لەولاوە دابنێین، بەڵام هەر لەم چەند ساڵەدا یاساو شەریعەتو قانونی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا تاوانبارە بە تیرۆرکردنی هەزاران ژن، قوربانیانی شەریعەتو تەقالیدی ئیسلامی لە کوردستان کەمترنیە لە قوبانیانی کارەساتی ١١ی سەپتەمبەری نیۆیۆرك و واشنتۆن. بۆیە یەکێتی لە جیاتی ئەوەی بە هیچ کەسێك بڵێ دەبێ پابەندی ئەم یاسایانەبن، باشترە بڕوا ئەم یاسا ئیسلامیانەی پاشماوەی بەعس تورهەڵدات و ڕابگەیەنێ کە پابەندی یاسای سکولارو پێشکەوتوانەو ئینسانی دەبێت.

## ئەنجامگیری؟

ئێمە لەبەردەم ڕای گشتی خەڵکی کوردستان و حزبە سیاسیەکاندا ڕادەگەیەنین کە لەگەڵ یەکێتی ناکۆکی "فەلسەفی و ئایدۆلۆژی" مان هەیە، بەڵام کێشەی نێوانمان نە کێشەو عەداوەتی دوو ریکخراوی سیاسیەو نە لەسەر ئەمانەیە، بەڵکو کێشەیەکی سیاسیە لەسەر ئازادی و ماف و بەرژەوەندیەکانی خەلك و ڕێگاچارەی سیاسی هەیە. لەم پەیوەندەشدا ئەگەر وەکو مەلا بەختیار دەڵی: یەکێتی باوەڕی بە دیموکراسی و ئازادی و دایەلۆگ هەیە، ئەگەر ١٤ی تەمموزی ٢٠٠٠ تەجروبەیەکی تاڵی ئێمەیە لەگەڵ ئەوان بەڵام وەکو خۆی دەڵێت "ژیانی سیاسی بە تەجروبەیەك کۆتایی نایات"، ئێمە ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو کە بە بڕوای ئێمە دەتوانێ بنەمای ڕێگاچارەیەکی سیاسی بێت بۆ کیشەکان و لە پێناو تەجروبەیەکی باشتردا کە بەرژەوەندی و مافەکانی خەڵکی تیادا پاریزراوبێت.

١/ پابەندبوون بە ئازادی سیاسی بۆ خەڵك و هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان. ئازادی سیاسی لانی کەم بە مانای پابەندبون بە نیوەی ئەوەی کە سکرتێری یەکێتی لە ووتارەکەیدا بە بۆنەی کردنەوەی (ئوتێلی کۆیە پالاس)ەوە باسی کردو ووتی: "ئازادی یانی ئازادی ئیشکردن، خەلك راکیشان، چونە ناو خەلك، بلاوکردنەوەی بیروباوەری خۆیان، دەرکردنی رۆژنامە، کردنەوەی بارەگا بەبێ جیاوازی... بۆ هەموو حزبەکان".

٢/ جیاکردنەوەی دین لە دەسەڵات و یاساو پەروەردەو فێرکردن، دین دەبێ ببێتە کاری تایبەتی هەر فەردێك.

٣/ هەڵوەشانەوەی یاساکانی ڕژێمی بەعس لە کوردستان و دانانی یاسای نوێ لە جێگایان لەسەر بناغەی خستنەڕووی یاسای بەدیل بۆ بەردەم ڕای گشتی خەڵك و لایەنەکان و ئەنجامدانی دایەلۆگی ئازادانە لەسەریان، پێش بڕیاردان.

٤/ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی و ئازادانە لەسەراسەری کوردستاندا بۆ پێکهێنانی دەسەلاتێکی شەرعی و هەڵبژێردراوی پشتبەستوو بە ئیرادەی خەڵك، هەروەها پێش لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن ماوەی ٦ مانگ دیاریبکرێت بۆ هەڵسورانی ئازادانەی سەرجەم حزبە سیاسیەکان تا سیاسەت و ڕێگاچارەکانی خۆیان بۆ خەڵك رابگەیەنن و پێداویستی یەکسان بۆ هەڵسورانی هەموو لایەنەکانیش فەراهەم بکرێت.

٥/ ئیدانە کردنی ڕاشکاوانەی تیرۆریزمی ئیسلامی و کۆتایی هینان بە هەر جۆرە هاوکاری و پشتیوانی و پەیوەندی و کۆمەکیك بەو لایەنانەی کە دەست دەبەن بۆ کاری تیرۆریستی و قەدەغەکردنی هەڵسورانی لایەنە تیرۆریستەکان.

٦/ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی ١٤ی تەمموزی ٢٠٠٠ و گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەرو یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە.